د. بورهان یاسین:

ئەگەر داگیرکەران ڕێگەی دیالۆگ لەگەڵ کورددا نەگرنە بەر ئەوا کورد بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات

ئا/ عەدنان عوسمان

لەدرێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ڕۆژنامەکەمان لەگەڵ کەسایەتیە ڕۆشنبیرییەکانی کورددا سەبارەت بەرۆڵی کورد لەدیاریکردنی ئایندەی عێراقدا سازی دەدات، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز ا د. بورهان یاسین مامۆستا لەزانکۆکانی سویدا دا کرد:

*** وەك دەزانن ماوەیەکە زۆر بەگەرمی باس لەلێدانی عێراقو ئەنانەت گۆڕینی دەسەڵاتی سەدام حسێنیش دەکرێت، دەوڵەتانی ناوچەکە زۆر لەو بارەوە نیگەرانن گوایە ترسی ئەوەیان هەیە ئەو گۆڕانانە بەدروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەم بەشەی کوردستان بشکێتەوە، سەرەڕای هەموو دڵنیایی کردنێك لەلایەن دەسەڵاتدارانو هێزە سەرەکیەکانی کوردستان کەوا گەلی کورد هیچ بەرنامەیەکی لەم چەشنەی نیەو بیری لێناکاتەوە. بەڕێزتان ئەو شێوازی مامەڵە کردنەی لایەنە کوردیەکان لەو بارەیەوە چۆن دەبینن؟ ئایا لەتوانایدا هەیە گوتارێکی جیاوازتریان هەبێت؟ ئایا بەراست لەم دەورانەدا دەتوانرێت قسە لەدروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بکەین؟ ئەو گۆڕانکاریانە بە چ شێوەو لە چ کاتێکدا دەتوانرێت بەقازانجی گەلی کورد لەقەڵەم بدرێت؟**

- بەر لەهەر شتێك عێراق لێدەدرێ یان نا؟ لەسەر کۆمەڵێك شت دەوەستێت، گرنگترینیان ١- شێوەی هەڵسوکەوتی ڕژێمی بەغدا بەتایبەت بەرامبەر سیاسەتو داواکاریەکانی ئەمەریکا. ٢ - پێشەوەچوونی جەنگی ئەمەریکا لەئەفغانستان. ٣ - ململانێی فەلەستینیەکانو ئیسرائیل. ٤ - شێوەی بۆچوونو بڕیارەکانی ناو ئیدارەی واشنتۆن.

مەسەلەی تریان ئەوەیە کە تەنها بە ئامانجگرتنی ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا کورد دەکەوێتە ناو حسابەکەوە، لێرەشدا پرس ئەوەیە: ئایا ئۆپۆزاسیۆنێکی سەربازیی لەلایەن ئەمەریکاوە هەر دوو قۆڵی کوردستانو خوارووی عێراق دەگرێتەوە دژە بەرەو بەغدا. ئەم پرسیارەش زۆر گرنگە لەڕووی ئایا کورد چۆنو تا چ ڕادەیەك تێکەڵ بەئۆپەراسیۆن دەبن. هەڵبژاردنی کوردستان وەکو بەرەی ئۆپەراسیۆن ڕاستەوخۆ هەر نەبێ لەدوو لاوە کورد دەخاتە ناو هاوکێشەیەکی ستراتیژی - دبلۆماسی: ١ - تەوەری پەیوەندییەکانی کوردو ئۆپۆزیسیۆنو ئەمەریکا لەسەر شێوەی ئۆپەراسیۆن (شێوەی کار)و ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنو داڕۆژی سیاسی عێراق.. ٢ - تەوەری تورکیاو کوردو ئەمەریکا بەر لەهەر شتێك، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو خاڵە، پێویستە ئەوە بڵێین کە پارتیو یەکێتی بەهیچ شێوەیەك نەیانتوانیوە پڕ بەپێستی ئەم قۆناغە هەستیارە بڕیاری سیاسی وەرگرنو هەڵسوکەوت بکەن. بەمانایەکی تر ئەم دوو هێزە زۆر کەمترن لەئاستی پێویستی ڕووداوو پێشوەچوونەکان. بڕیارو کاردانەوەی هێزەکانی باشووری کوردستان لەتەوەری یەکەمو لەتەوەری دووەم پڕ بەپێستیەتی وەبگرە زۆر کەمترە لەئاستی ئەو پرسەیەی کەوتۆتە سەرشانیان. سەرکردەی نەتەوەیەك گرنگی لەوەدایە کە پێش ڕووداو بکەوێو کاریگەری لەسەر هەبێ نەك چاوەڕوانی بکاو خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ.. بەمانایەکی تر هاتنەدی ئاشتی نێوان پارتیو یەکێتی ئەگەر درەنگ کەوت لەڕووداوەکان، ئەوا بەهیچ ناچێ وەك ئەوەیە منداڵێك بەمردوویی لەدایك ببێ. سەرکردەکانی باشوور بەرپرسن ئەگەر لێبگەڕێن ئەم جارەشیان کورد ببێ بەقوربانی بڕیارو هەڵسوکەوتی ناشیاوو چەوت.

لەباشترین حاڵەتدا سەرانی باشووری کوردستان هەرچی زووترە دەبێ سیغەیەکی "کوردی" کەڵاڵە بکەن.

بۆ تەوەرەی یەکەم: کورد ئەو کاتە لێدەگەڕێ کە ماڵی ئەو "باشووری کوردستان" ببێ بەمەیدانی هەر ڕووداوێك کە کورد کۆمەڵێك کرەنتی لەلایەن ئەمەریکاو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقییەوە پێدرابێ؛ بەتایبەت لەبارەی جێگەی کورد لەسەر نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق.

بۆ تەوەرەی دووەم: ئەوە زۆر گرنگە ئێمە بزانین کە باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٩١ەوە لەمنافەسەیەکی "بێدەنگ"دایە لەگەڵ تورکیا لەسەر حسێبە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لەناوچەو بەتایبەت لەعێراق. پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە چۆن کورد لەباشوور بەتایبەتی هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی ئەمەریکا لەو هاوکێشەیەدا حسێبی مناسبی بۆ بکات. تورکیا وڵاتێکی گەورەیە ئەندامی ناتۆیەو خاوەن جێگەو ڕۆڵی ستراتیژە.. هتد، ئەم وڵاتە تەنها بۆ ئەوەی کورد لەباشوور بەهیچ نەگات ئامادەیە هەر ڕۆڵێك ببینێو هەر باجێکیش بدات.. دیسانەوە پرسیار ئەوەیە: ئایا کورد چی هەیە بۆ ئەوەی بەرامبەر تورکیا پێشکەشی بکات لەگەمەی ستراتیژیدا؟ بۆ هەڵسوکەوتی پڕ بەپێستی لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانی کورد پێویستە پارتیو یەکێتی دەستبەجێ کۆتاییەك بۆ ئەو "گەمە" خۆکوژییە دابنێن، یان هەردوو حکومەتی هەرێم (هەولێرو سلێمانی) ڕەوان، لەو حاڵەتەش هیچ ڕێگر نیە بۆ ئاشتی، وە ئەگەر هەردوکیان نارەوان ئەوە دەبێ ئەو دوو هێزە پێش هەموو کەسو لایەنێك خەخۆر بن بۆ هێنانە کایەی حوکمڕانێکی ڕەوا لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی تازە.

هەڵبەتە ئەو شتەی دەتوانێ کاریگەر بێ بۆ باری سیاسی باشوورو ئەو هەنگاوانەی لەماوەی داهاتوودا دەنرێن هەڵسوکەوتی (PKK)ە.

لەم بارەوە پێویستە بگوترێ کە PKK بوارو مەودای مناوەرەی سیاسیو ستراتیژی زۆر کەمبۆتەوە، لەهاوکێشەی باشووردا PKK نەیتوانیوە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە ببینێ، لەڕاستیدا PKK لەبارێکی قەیراناویدا دەژێو لەبەر دووڕیانێکە: یا ئەوەتا بگەڕێتەوە دۆخی پێشووی خەباتی چەکداری وە یا ئەوەتا قەبوڵ بکات کە گەمەی دۆڕاندووە، لەم حاڵەتەی دواییدا تەنیا شتێك ئەم حیزبە بەهەوڵی بۆ دەدات لێبووردنێکی گشتیە کە تورکیا ئەمەش نادات، ئەم دوو ئەلتەرنەتیڤە هەردووکیان تاڵن بۆ PKK، کێشەی سەرەکی ئەم حیزبە هەر لەکاتی دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی ئەوەبووە کە ئەو شکستەی تێی کەوتووە بیگۆڕێ بەسەرکەوتن، بەباوەڕی من هەوڵەکانی هەر تازەی بکرێ بۆ پەلویۆ هاویشتن بۆ بەشەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی باشووری کوردستان، وە باسکردن لەڕۆڵێك بۆ PKK لەڕووداوەکانی چاوەڕوانکراودا ڕێك دەخزێنە ناو هەوڵەکانی ئەو حیزبە بۆ چارەی ئەو قەیرانەی تێی کەوتووە،پەلویۆ هاویشتن بۆ باشووری کوردستان لەلایەکی ترەوە شتێکی تازە نیە بەڵکو باشوور نزیکەی دوانزە ساڵە قوڵای ستراتیژییە بۆ PKK وە هەروەکو پێشتر لەداهاتووشدا باری باشووری کوردستانی ئاڵۆزتر دەکات.

لەکاتێکدا PKK ڕێکخستنی سیاسی تازە دروست دەکات بۆ باشووری کوردستان، لەهەمان کاتدا دەستی لەهەر جۆرە چالاکی لەباکووری کوردستان هەڵگرتووە. لەمەش زیاتر کاتێك کە PKK باس لەچارەی دیموکراسی بۆ کێشەی کورد لەباشوور دەکات ئەوا بەم شێوەیە سیگناڵێکی چەوتی دبلۆماسی- سیاسی بۆ هێزەکانی باشوور دەنێرێ. لەڕاستیدا لەبری ئەوەی ئەم حیزبە "چارەی دیموکراسیانە" بۆ کێشەی کورد بەداهێنانی خودی خۆی بزانێ وا باشترە ئەو ڕاستیە بڵێ کە لەباشوور ئەمە نزیکەی ٤٠ ساڵە خەبات بەکشتی لەژێر دیموکراسی بۆ عێراق بەڕێوە چووە. ئەم چەند دێڕەی سەرەوە گرنگن کە بەپەیوەندی لەگەڵ سیناریۆکانی سبەینێی باشووری کوردستانو عێراق، بەشێك بن لەوەڵامی پرسیار دەربارەی ئەگەرەکان.

دیارە نیگەرانی دەوڵەتانی ناوچە، بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان، بەڵام زۆر بەتایبەت تورکیا، شتێکی تازە نیە، ئەم نیگەرانیە دەربڕی هەر ئەبێ دوو شتە یەکەمیان شۆڤێنیزمی نەتەوە سەردەستەکان بەرامبەر بەکوردو دووهەمیان دیبلۆماسیەك کە تیایدا داگیرکەران هەر زوو چاوترسێنی کورد بکەن کەوا بیر لەدەوڵەتێکی کوردی نەکەنەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە شێوەی بەر خودی کوردە لەم شێوە دەربڕینانەی وڵاتانی ناوچە، خیتابی دبلۆماسی کوردی بەردەوام بەبێ سێو دوو ئەمە بووە: ئێمە مەبەستمان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نیە! من وا دەزانم ئەم شێوە بەر خوردە، نەك هەر پڕ بەپێستی نیە بەڵکو لەپرۆسەیەکی دوورو درێژدا تێکشاندنی خەونەکانی کوردەو هوردوخاشکردنی باوەڕ بەخۆبوونیەتی، ئایا بۆ ناکرێ کۆمەڵێ وەڵام هەبێ بۆ ئەو پرسیارەی کە سەرکردەکان دووچاری دەبن: ئایا کورد دەوڵەتی خۆی دەوێ؟ من وا دەزانم بەڵێ، دەکرێ جارێکیان بگوترێ کە کورد هەموو شتێك بەخۆی ڕەوا دەبینێ جارێکتریان، ئەوەی میللەتانی جیهان بۆ خۆیان ڕەوا دەبینن بۆ کوردیش ڕەوایە، یاخود ئەگەر داگیرکەران وەك پێویست ڕێگەی دیالۆگ بۆ کورد نەکەنەوە ئەوا کورد بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، لەڕاستیدا زۆر شێوەی تری دەربڕین هەن کە تیایاندا دەرکای هەموو ئیختیارێك بەرامبەر کورد واڵا دەکاتو کوردخۆیشیو لایەنەکانی تر لەوە ڕادێن کە بەڵێ بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان یەکێ لەئەلتەرنەتیڤەکانەو دەشکرێ ئەم بڕیارە لەبەر دەرگا بێت سبەینێ وەربگیرێت، وا دەزانم هەر نەبێ لە ١٠-١٢ ساڵی دواییدا سەرانی کورد زێدەڕۆییان کردووە لەترس پیشاندان بەرامبەر، بۆ نمونە تەهدیدەکانی تورکیا لەسەر ئیحتماڵی دامەزرانی دەوڵەتی کورد. پێویستە هێزە کوردییەکان باشوور لەم بارەیەوە پرسیار بکەن ئایا ئیمڕۆ تورکیا دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەگیرخواردنی لەقوبرسو دوای نزیکەی ٢٠ ساڵێك لەدامەزراندنی کۆمارێکی تورکی لەبەشی باکوری قوبرس، بەبێ ئەوەی تاکە دەوڵەتێکیش ئیعترافی ڕەسمی پێکردبێ، دەتوانێ خۆی گیر بکات لەکێشەیەکی تری وەکو قوبرس، بەمانایەکی تر، ئایا بواری موناوەرەی تورکیا چەندە کاتێك ئێمە دەزانین ئەم ساڵو ساڵی داهاتوو (٢٠٠٣) دوو ساڵی هەرە حەساسە بۆ تورکیا لەمەڕ بوون بەئەندامی لەیەکێتی ئەورووپی. جا لەم دوو ساڵەدا تورکیا نەك هەر دەبێ خۆی دوور بگرێ لەهاسیبوون لەهەندێ گرفتو سەر ئێشی وەکو داگیرکردنی باشووری کوردستان بەڵکو بگرە بەپەلەو بەکارێکی موعجیزەیی دەبێ هەوڵ بدات خۆی لەبارگرانیەکانیو گرفتەکانی کە هەمن نەجاتدات: لەوانە کێشەی قوبرسو کێشەی کورد.

بەگشتی خیتابی دبلۆماسی کوردی لەباشوور بەتایبەت هی دوو حیزبە حوکمڕانەکە خیتابێکی پاشەکشە کردنو لەرزۆکە. بەموناسەبەو بێ موناسەبە جەخت دەکرێتەوە سەر یەکێتی خاکی عێراق. وا دەزانم کاتێ سەرکردەی ئەم دوو حیزبە پرسیاریان لێدەکرێ دەربارەی داڕۆژی عێراق، پێویست ناکات ئەوا هەموو جار بۆ هەمان وەڵام بچن: ئێمە لەگەڵ دابەشکردنی عێراقدا نین. لەزمانی دبلۆماسیدا زۆر وەڵامی تر هەن بۆ هەمان پرسیار، بۆ نمونە: ئەمە هەشتا ساڵە کورد لەعێراق بەئاگرو ئاسن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، چۆن دەبێ لەکورد داوا بکرێ کە لەناو عێراقدا بمێنێتەوە. یاخود کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی چۆن ڕە بۆی بتوانێ لەسەر کوردی فەرز بکات کە لەژێر سایەی ڕژێمێکدا بژی کە بەکیمیاویو جینۆساید مامەڵەی کوردی کردبێ، پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا بۆ سەرانی باشوور ئەسڵەن هەوڵ نادەن هەندێ وەڵامی تر بۆ پرسیار دەربارەی یەکێتی خاکی عێراق بدۆزنەوە وەکو ئەوەی: ئێمەی سەرکردە ناتوانین حاڵەتێك لەسەر گەلی کورد فەرز بکەین کە خۆی خوازیاری نەبێ وە فەرموون با ڕیفراندۆمێك ساز بکرێ کە تیایدا کورد ئیرادەی خۆی دیار بکات.

خیتابێکی دبلۆماسی لەم جۆرە دەتوانێ هەر نەبێ دوو ئامانجی سەرەکی بپێکێ ١/ ئامۆ ئابێ باوەڕ بەخۆبوونو ئامادەییەکی نەفسی لادروست دەبێ.. مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ ئایا کە چەند مانگێ بەر لەئێستا باسی "ولایەتی موسڵ" هاتە گۆڕێ گوایا موسڵ "بەتورکیا ببەخشرێ" سەرانی کورد لەباشوور ئەوەیان نەقۆستەوە بۆ ناردنی پەیامێکی دبلۆماسی بۆ جیهانی دەرەوە کە تیایدا بگوترایە: باس لەموسڵ باسە لەخاكو وڵاتی کورد، کورد دەبێ بەپلەی یەکەم پرسی پێبکرێ لەڕیفراندۆمێکدا هەروەکو لەساڵی ١٩٢٥ دا کرا؟ ئەگەر کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی خوازیارە ئەمە بکرێ دەکرێ دەنگدان لەسەر فیدراڵی بۆ کوردستانی عوسمانی (واتە باکوورو باشوور) کە تیایدا ئەم دوو بەشەی کوردستان ببن بەیەك لەسیستەمێکی فیدراڵی لەگەڵ تورکیا، بەمەرجێ ئەم فیدراڵیە گەرەنتی نێو نەتەوەیی هەبێ، ئەگەر نا کورد لەباشوور دەتوانێ بۆ کۆنفدراڵی (دەوڵەتێکی یەکسان لەکوردستان هاوشانی عێراقی عەرەبی) دەنگ بدات.. ئەی کە سەرۆکی (HADEP) موراد بۆزلاك وتی با موسڵ بگەڕێتەوە بۆ تورکیا بەمەرجێك لەو ناوچەیە ڕیفراندۆمێك ئەنجام بدرێ بۆ سەرکردەکانی باشوور ئەوەیان نەکردە موناسەبە پەیامێکی دبلۆماسی بدەن بەجیهانو نەتەوەی کورد لەم بارەیەوە؟

د. فوئاد حسێن:

کورد لەئەوروپادا تا ئێستا لەژێر کاریگەری ڕووداو پەرەسەندنەکانی کوردستاندایە

سازدانی: توانا عوسمان

دکتۆر فوئاد حسێن لەحەفتاکاندا کۆلێژی پەروەردەی لە بەغدا تەواو کردووە لەدوای ساڵی ١٩٧٥ چۆتە دەرەوەی وڵاتو لەزانستە سیاسیەکان خوێندوویەتیو دواتر دکتۆرای لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکاندا هێناوەو نامەی دکتۆراکەشی لەسەر ڕێکخراوی ئۆپیک بووە. بۆ شەش حەوت ساڵ دەچێت بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسیو جێگری سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردە لەپاریس.

*** دیدو بۆچوونی ئێستای ئەورووپیەکان چیە لەسەر کورد وەكو جالیەیەك لەناو کۆمەڵگەی ئەورووپیدا؟!**

- لەدوای ساڵانی ١٩٧٥وە کەمن چوومە دەرەوەی وڵات ئەوکات جالیەی کوردی بەڕێژەیەکی کەم بوونی هەبوو بەشی زۆریان لە کوردەکانی باکوور بوون، ئەوکات هەستی نەتەوایەتی یاخود شوناسی نەتەوەیی بەو جۆرەی ئێستا نەبوو ئەوانەی چالاکیان دەکرد زیاتر ئەو گروپەبوون کە خەریکی خوێندن بوون واتە هەتاوەکو سەرەتای هەشتاکانیش ئەوانەی لەئەوروپا خەرکی چالاکی سیاسی بوون زیاتر خوێنکار بوون بەڵام لەدوای ساڵەکانی هەشتاوە وەزع گۆڕا ،کوردێکی زۆر لەکوردستانی عێراقەوە هاتنە دەرێ ئەمەش وای کرد کە گروپی دیکە بێتە پێشێ ،دواتر لەساڵەکانی نەوەد بەملاوە وەختێك شەپۆلی پەنابەرانی کورد پەرەی سەند ئیتر سروشتی ئەم جالیەیە بەهۆی زۆریەوە گۆڕا ئەگەرچی تا ئێستا ئامارێکمان لەبەر دەستدا نیە لەسەر ژمارەی ئەو کوردانەی لەدەرەوەن بەڵام بێگومان ئەم ژمارە زۆر ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە لە واقعی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا .

*** بەڵام چەمکی جالیە چی دەگەیەنێت ،ئایا بوونی میلەتێك بەژمارەیەکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگەیەکی دیکەدا مانای جالیە دەگەیەنێت ،حەزدەکەم بزانم مواسەفاتی جالیە بوون چیەو بەچی دەوترێت جالیە!**

- خۆی ئەم چەمکە دوو لایەنی هەیە یەکەم لایەنێکی یاسای ودووەم لایەنێکی کۆمەڵایەتی ،هەڵبەت لایەنە یاساییەکەی لەوێدایە کە لایەنی بەرامبەر دان بە هەبونی تۆدا بنێت وەك جالیە واتە لەناو بەندە یاساییەکاندا، دیارە ئەم دانپێدانانەش ماف وئەرك وپابەندبونت بۆدیاری دەکات، هەر میلەتێکیش وەك جالیە ئیعترافی پێبکرێت بێگومان دەتوانێت پارمەتی وکۆمەکی دارایی لەدەوڵەت وەربگرێت بۆ چالاکی فەرهەنگی وکلتوری ،لایەنی کۆمەڵایەتی چەمکی جالیەش بریتیە لە ڕێکخستن و هەمەئاهەنگی کۆمەڵایەتی ئەو جالیە لەناو خۆیدا کەبەهۆیەوە قابلێتی چالاکی هەمەلایەنەی هەبێت ،دیارە ئەگەر میلەتێکیش لەڕوی یاساییەوە ئیعترافی پێنەکرابێت ئەوا ئەو ناوەی بەخۆی دەدات وەك جالیە هەڵبەت ناوی خۆیەتی و خۆی دروستی دەکات ئەمەش بەجالیەی نێگەتیف یاخود ناچالاك حساب دەکرێت ،بەتایبەت کەدەوڵەت هیچ هاوکاریوکۆمەکێکی ناکات بۆ چالاکی وکاری کلتوریوفەرهەنگی.

*** ئایا کورد لەڕوی یاساییەوە ئیعترافی پێکراوە!**

د. فوئاد حسێن

- بەداخەوە کوردەکان وەك بەشێك لەودەوڵەتانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە تێیدا دابەش کراون، ئەوەندەی بزانم لەهۆڵەندا ئەم ئیعترافە یاساییە نیە لەزۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپاش نیە بەڵام لە سوید بەجۆرێکی دیکەیە لەوێ لەئاستی شارەوانیدا مامەڵە،

لەگەڵ کورد دەکرێت و کوردەکان لەسوید فیدراکیۆنی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەرچەندە ئەمەی دەیڵێم لەسەر ئیعترافی یاسایی ڕێگە لەوەناگرێت کە کورد یان هەر میلەتێکی ترلەخۆرئاوادا چالاکی هەمەلایەنە نەکات .چونکە ئەورووپا کۆمەڵگەی کراوەو دیموکراتنو دەتوانیت بەشێوازی جۆراوجۆر سود لە هاوکاری دەوڵەتەکانی بکەیت .

*** ئایا دەکرێت بڵێین کورد لەخۆرئاوا لەخەملاندنی جالیەیەك نزیك بۆتەوەو ئەکتیڤە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەورووپاداو بەناو دامەزراوەو قوڵایی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا چۆتە خوارەوە؟**

- من پێم وایە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڵێ ونەخێر هەردوکی ڕاستە، جارێ کورد لەئەورپادا میلەتێکی تازە وتەمەنی لەوێ لەسی ساڵێك تێپەڕناکات ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ میلەتانی تری ناو ئەورپادا تەمەنێکی کەمە ،لەڕاستیدا بۆ قسەکردن لەسەر جالیەو ڕەنگدانەوەی میلەتێك دەبێت چاوەڕوانی ئەوەیەکی دیکە بکەین لەوێ دوای ئەوەی نیشتەجێ دەبێت و لەهەموو بوارێکدا جێگیردەبێت،تاوەکو بتوانێت کاریگەری لەوێندەر دروست بکات و بچێتە ناو ژیانی حیزبی و دامەزراوەی ئەوێوە .ئەمەش مانای ئەوەنیە کە هەندێ هەوڵ وتەقەلا لەم بوارەدا نەدرابێت بۆ نمونە هەندێ حاڵەت لەبەشداری سیاسیو ئیعلامی بەدی دەکرێت بەتایبەتی هەروڵاتەی بەپێی خۆی چونە پێش هەیە.بەڵام ئەتوانم بڵێم کورد لە ئەورووپادا تائێستا لەحاڵەتی بەرکاردایە واتە تائێستا لەژێر کاریگەری ڕوداو پەرەسەندنەکانی وڵاتدایە .

*** ئەی ئایا پێت وایە ئەو هەڵا ئیعلامیەی ئەو ماوەیە لەسوید بۆ کوشتنی (فاتیمە)بەرپاکرا بەشێك نەبوو لەدژایەتی کردنی پەناهەندەی کورد لەوێ ولەڕێگای ئیدانەکردنی خودی ڕوداوەکەوە .**

- ئێستا ئەو پرسیارە بەجۆرێکی تر لەمەغریبیەك بکەیت پێت دەڵێت ئەوە بۆ هەر گرفت وڕوداوی جالیەی مەغریبی گەورە دەکەن ،دەڵێن مەغریبیەکان دزی وتەعدا دەکەن. مەبەستم ئەوەیە هەمووی لەجێی خۆیەوە پێی وایە سەرکراوەتەسەر ئەو، ئەمەش ڕاست نیە ،خۆت ئەزانی ئیعلام ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دونیادا، پاشان کچەکەش خۆی کەسێکی ئاسای نەبوو ئەو بە ئافرەتێکی ئەکتیڤ دەژمێردرا لەبواری خۆیدا.

*** بەڵام ئێمە وەك کورد چی بکەین بۆ دروستکردنی گروپی فشار (لۆبی)لەناو کۆمەڵگە ئەورووپیەکاندا وەك زۆربەی میلەتانی دی!**

- هەڵبەت گروپی فشار ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، ئەمەش کارێکی هەمەلایەنیە دەبێت لەزیاد لە کەناڵێکەوە ئیشی بۆ بکەیت ،دەبێت لە جۆگای جیاوازەوە بچیتە ناو ڕوباری دەوڵەتەوە.

گەورەیی کارەساتەکانو بچووکی هێزە کوردییەکان

زۆرن ئەو میللەتانەی کە لەمێژوودا لەلایەن ڕژێمە ستەمکارەکانو هێزە دەرەکییەکانەوە جینۆسایدکراون، هەوڵی پاکتاوکردنیان دراوەو نیشتمانیان لەخوێنی ڕۆڵەکانیاندا غەرق بووە، بێگومان گەلی کوردیش زیندوترینو دواترین نمونەی گەلی جینۆسایدکراوی سەدەی بیستەم بوو، کە نوێترین چەکی بایۆلۆژی لەسەر تاقی کرایەوە، وەك بڵێی کوردستان لەبارترین تاقیگە بووبێت بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ نموونەیەکی جینۆساید وەکو جینۆسایدکردنی گەلی کورد نەخرایە پەراوێزەوەو ڕاگەیاندنەکان لەئاستیدا نابیناو کوێگران نەبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ:

یەکەم/ لاوازی ڕۆڵی جالیەی کوردیو میدیای کوردیو هێزە کوردییەکان کە نەیانتوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەقەبارەی خۆیدا نیشانی دنیای ئەورووپاو ڕۆژئاوا بدەن.

دووەم/ هۆکاری دووەمی ئەو پەراوێز خستنە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو هاوسۆزیو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی وڵاتانی دنیاو ناوچەکە لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەیان بووە.

لێرەوە مەبەستمە قسە لەسەر نەبوونی هەوڵێکی کوردی بکەم بۆ دیاری نەکردنی چارەنووسی ئەنفالەکانو دادگایی کردنی هەموو ئەو کەسو دەزگایانە بکەم کە بەشدارییان لەجینۆسایدکردنی گەلی کورددا کردوە، چونکە دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت بەرپرسیارێتی هەموو ئەو کوشتارگەیانەی لەکوردستاندا بەعس خولقاندنی بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی بەعسو ناڕاستەوخۆش بەشێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشانی هەموو ئەو دەوڵەتو کۆمپانیایانەی چەکیان بەرژێمی عێراق فرۆشتوو، حەق وایە هێزە کوردییەکانی ناوخۆو ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەورووپاو ڕۆژئاوا بەجدی ئیش بۆ گەورەکردنی قەبارەی ئەنفالو کیمیابارانکردنی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بکەن، جگە لەوەش هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان کەرەستەی چەکی سەربازییان بەعێراق فرۆشتووە، یاخود هەموو ئەو وڵاتە عەرەبیانەی لەکاتی شەڕی ئێرانو عێراقدا کۆمەکی عێراقیان کردو دواتر بەبەشێك لەو کۆمەکە کوردستان وێرانو گەلەکەشی جینۆسایدکرا، ئێستاش لەهەموو کاتێك زەمینە بۆ هەوڵێکی لەو جۆرە لەبارترە، چونکە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر حکومەتی عێراق لەپەراوێزدایەو ناشیرینترین ڕوخساری هەیە، لێرەوە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ڕۆڵی جولەکە بکەین کە هەتا ئێستاش ساڵانە بەدوای ئەنجامدەرانی پرۆسەی هۆلۆکۆستەوەن، یاخود ئەو بایەخدانەی ئەرمەنییەکان هەیانە بۆ قەتڵو عام کردنیان لەلایەن تورکیاوە، وەك ئەوەی لەشەوی ٩/١٠ی ئەم مانگەدا تەلەفزیۆنی (ابو ظبي) لەریپۆرتاژێکدا لەسوریا قسەی لەگەڵ خێزانە ئەرمەنیەکاندا کرد، شێلگیرانە جەختیان لەسەر تاوانبارکردنی تورکیا دەکردەوە.

هەروەها (Swissinfo) ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کەوا کۆمەڵێك ڕێکخراوی ناحکومی لەسویسرا داوایان کردووە لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن حکومەتی سویسراوە بکرێت سەبارەت بەبەشداری سویسراو باشووری ئەفەریقا لەسەردەمی ئاپارتایدا. حکومەتی سویسراش کە فایلێکی تایبەت لەو بارەیەوە دەکاتەوە هەمان داوا لەباشووری ئەفەریقاوە بەرزکراوەتەوەو ئیدانەی هەموو ئەو پەیوەندییە ئابووریانە دەکات لەنێوان بانکی سویسریو ڕژێمی ئاپارتایدا هەبووە، جێگەی خۆیەتی کە ئێستا دوانزە ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێت بپرسین چی ڕێگرە لەبەردەم دەستپێکی هەوڵێکدا بۆ ناشکراکردنی هەموو ئەو دەستانەی لەپشت پرۆسەی ئەنفالەوە بوون؟ هەلومەرجی ناوخۆ؟ یان یان دەولی؟ یان بێباکی هێزە کوردییەکان لەئاستی ئەو کارەساتەدا؟ یان بێ ئیرادەییو شتی تر؟!

حسێن لەتیف